خواردنی کوردەواری

برنج بەشبیت و پاقلە

سەمیرە سەلاحەدین

کەرستەی پێویست:

یەک کیلۆبرنج- یەک دەستە شبیت-نیو کیلۆ پاقلەی بەناوک- پاقلەی سەوز.

چۆنیەتی ئامادەکردنی:

پاقلەکە دێنین وردی دەکەین، ئینجا لەسەر ئاگر زەردی دەکەین، شبیتەکەش ورد دەکەین و لەلایەکی دادەنێین، کەمێک برنج ئامادە دەکەین بۆ لێنانی و هەندێکیش لەو برنجە دێلینەوە بۆ کوڵان و دێم کردن، ئینجا پاقلە و شبیتەکە لەگەڵ برنجەکە تێکەڵ دەکەین، پاشان رۆنی داخکرای بەسەر برنجەکەدا دەکەین، خوێشی بەپێی پێویست تێدەکەین، دواتر لە دێمی دادەنێین تاکو بەتەواوی پێدەگات و بۆ خواردن ئامادە دەبێت، بۆ خواردن و رازاندنەوەش زەلاتە و سەوزەوات لەگەڵیدا ئامادە دەکرێت و لەسەر سفرەی دادەنرێت.

گەنمە کوتا بە ئێسکی گۆشتی

زبێدە محەمەد عەبدوڵلا

کەرستەی پێویست:

ئێسکی گۆشت-گەنمە کوتا-رۆن-خوێ-هێل و دارچین بۆ رازاندنەوەی.

چۆنیەتی ئامادەکردنی:

ئێسکی گۆشتەکە دێنین جوان دەیشۆینەوە، ئینجا دەیخەینە سەر ئاگر و ئاوی تێدەکەین تا جوان جوان دەکوڵێت، کەمێک دەیهێڵینەوە پاشان گەنمەکوتایەکە لەگەڵ ئێسکی گۆشتەکە تێکەڵ دەکەین، دواتر خوێ و رۆنی بەپێی پێویست تێدەکەین تاکو جوان دەکوڵێت و گەنمەکوتاوەکە شیلاوی دەداتەوە وەک شۆربای برنج لەگەڵ گۆشتەکە تێک دەئاڵێت و جوان جوان تام و چێژێکی خۆش دەدات، ئینجا ئەگەر حەزمان لێبێت هێل و دارچینی بەسەردا دەکەین بۆ رازاندنەوەو تام خۆشی، بەم جۆرە بۆ خواردن ئامادە دەکرێت.

یەکێک لە کەسایەتییە ناودارەکانی شاری کفری

محەمەد فاتح سەید ئەحمەد *

حاجی رەئووف محەمەد سەلیم ئاغا پیاوێکی بەناوبانگ و کەسایەتییەکی دیاری ناوچەی گەرمیانە، ئەو پیاوە لە بنەڕەتدا خەڵکی کوردستانی باکوورە، باوکی لەساڵی(١٨٥١) ی زایینی هاتۆتە کوردستانی باشوور لە شاری کفری نیشتەجێ بووە، دوای ماوەیەک لەمانەوەی لەم شارەدا بەرەبەرە باری ئابووری ئەم پیاوە ناودارە گەشەی کردووە و بووەتە خاوەنی خان و بەنزینخانە. ئەوەی راستی بێ مرۆڤێکی دەستکراوە بووە و تاکو پێی کراوە یارمەتی هەژارانی داوە، بەخێرخوازی ئەم شارە ناسراوە و هەموو رۆژێک کە لەماڵەوە دەرچووە تاکو گەیشتۆتە ئەوخانەی هەیبووە، پارەی بە(١٠) کەسی کەم دەرامەت بەخشیوە، لەهەمان کاتیشدا چەند خێزانێکی دەستکورتی بەخێودەکرد. هەروەها هەر فەرمانبەرێک تازە دامەزرابووایە، یان بگواستراببووایەوە بۆ کفری یەکسەر بۆ ماڵی خۆی دەعوەتی دەکرد و یارمەتیشی دەدا. حاجی رەئووف دووەم کەس بووە ئۆتۆمۆبێلی هێناوەتە شاری کفری کە ژمارەکەی (٧٠دیالە)بووە، پیاوێکی قسەخۆش و رووخۆش بووە و تێکەڵاوییەکی چاکی لەگەڵ دانیشتوانی ئەم شارە هەبووە، سەردانی زۆربەی ماڵەکانی دەکرد و دەرگای هەموو ماڵەکانیش بۆئەو والابووە، هەرکەسێک نەخۆش بکەوتبووایەو نەخۆشییەکەی لەوێ چارە نەکرابووایە، یەکسەر(حەسیب)ی کوڕی رادەسپارد بیبا بۆلای پزیشک لەکەرکوک. حەسیب کوڕی گەورەی حاجی رەئووف بوو کەهەمان خەسڵەتەکانی باوکی خۆی هەڵگرتبوو، لەساڵی (١٩٨٢) بەروودواوی ئۆتۆمۆبێل جوانەمەرگ بوو، حاجی رەئووف لەگەڵ بنەماڵەکانی جاف و زەنگەنەو دەلو و بابان و سەیدەکان پەیوەندی زۆر چاکی هەبوو، هەموو ئەو سەرۆک عەشیرەت و خێڵەکانی ئەو دەڤەرە کەسەردانی کفرییان بکردابووایە سەردانی ئەو پیاوە خێرخوازەشیان دەکرد، بەتایبەتی لەدوای ساڵی (١٩٥٨) ، بەداخەوە لەساڵی (١٩٦٠) کۆچی دوایی کرد و (٧) کوڕ و (٦) کچی لەدوای خۆی بەجێهێشت، بەڵام ئەوەی جێگەی شانازییە بۆ ئەو خانەوادە تاکو ئێستاش ناوی ئەو پیاوە لەگوێی دانیشتوانی شارەکە دەزرینگێتەوە. * سەرپەرشتیاری پەروەردەیی

أسماء الألوان / تصميم كوردەواري٦٢٤ / الصفحة: ٧٢ / ١٢/١/٠٩ / 1:04 AM

ژمارە... لەنێو مەتەڵی کوردیدا

هوشیار نوری لەک

٦- بەپڕی و بەتاڵی یەک کێشی هەیە؟ **(شریتە)**
٧- لە قەرنێک یەکجاردەیبینی، لە دەقیقەیەک دووجار..؟ **(پیتی (ق)**
٨- سەری یەکە و بنی دووە، بە قونی باب و باپیرت داچووە؟ **(شەڕواڵە)**
٩- مامێکم هەیە لکاولک، یەک هێلانە و دوو هێلک؟ **(ئاسمان، مانگ، خۆر)**
١٠- بەدەرکەیەک دەچیە ژوورێ، بەدواندا دێیە دەرێ؟ **(شەڕواڵە)**
١١- دوو لە دووی هەشتان دەچی؟ **(جووتیار و ولاخی جوتکردن)**
١٢- دووە نابی بەسێ، هەربینە و مەترسێ؟ **(شەو رۆژ)**
١٣- دوو لەخۆرە سێی لە سێبەرە، تۆ ئازابە ناوی بەرە؟ **(نوێژەکان)**
١٤- دوو لە رێیە، یەک لاڕێیە؟ **(شەو و رۆژ و شەیتان)**
١٥- دوو پەنجە لەناو ئاگر دەنێم، هیچم لێ نایێت؟ **(مقاش)**
١٦- دوو لە دەست، سەرلەقون، قون لەزەوی ؟ **(بێری و مەڕ دۆشینە)**
١٧- دوو زەق، دوو لەق، دووی رەق، چوار چەق؟ **(بزن)**
١٨- دوو کونی رێویی، دوو ئەستێرەی گەش، بانی بە پوش، ئەشکەفتی رەش؟ **(سەر و دەم وچاوی مرۆڤە)**
١٩- جانت و جانتای زەرە، پوز و دوو لاین؟ **(دەرێ یە)**
٢٠- جانت و جانتای زەرە، تەری دوولاین، تەڕی دەکەی پێدادەکەی؟ **(دەرزی و درومانە)**
٢١- دوو باز لە قەدچیان، بەرامبەر یەکن، بیانگرن دەمرن ، بەریان دەن دەفڕن؟ **(چاو)**
٢٢- دووشت پێکەوە دەنوون، پێکەوە هەردەستن، پێکەوە دەگرێین، یەکتر نابینن؟ **(چاو)**
٢٣- دووحەزم هەیە، پڕ لە ئاوی گەش، لەناویان هەڵکەوتووە، دوو کەشتی رەش؟ **(چاو)**
٢٤- کێوێک دووبازی پێوەیە، بەقەدیەکن، هەرگیز بەیەک ناگەن؟ **(هێلکە)**
٢٥- جامی تەنک، ئاوی دوو رەنگ؟ **(ساوار)**
٢٦- ئەو خواردنە چییە، تا دووجار نەکورێت، ناخورێت؟ **(خەنجەر)**
٢٧- ئەو لای دار، ئەو لای دار تێیدایە دوو گوجیلەی هار؟ **(باگوردان)**
٢٨- مردی دوو قون؟ **(پەنجە و گوان)**
٢٩- دەلەزگ، دوانن؟ **(کەپوو، لووت)**
٣٠- بەدوو ئەشکەفت، دیوارێکیان هەیە؟ **(تەلاق)**
٣١- سێ یە نابی بەچوار، هەربینە هەر بەغار؟ **(زاری تاوڵە)**
٣٢- سێ پیتە، بیست و یەک خاڵی هەیە؟ **(سێ مانگی زستان بەرهەمی نۆ مانگەکەی تر دەخوا)**
٣٣- سێ گا، نۆ گا خواردن؟ **(سێ مانگی زستان بەرهەمی نۆ مانگەکەی تر دەخوا)**
٣٤- سێ گورگە شۆڕ، نۆ گورگە قەرەو خواردن؟ **(چوار وەرزەکەی ساڵ)**
٣٥- سێ بەی سێ زەرد بەی، سێ هەنار، سێ ژەهری مار؟ **(کاتژمێرە)**
٣٦- سێ یاریکەر، دوازدە سەیرکەر؟ **(کاتژمێرە)**
٣٧- سێ تاس، سێ بەرتاس، سێ بەربووک و سێ رەقاس؟ **(کاتژمێرە)**
٣٨- بەدوازدە برا، سێ دەست و یەک دڵیان هەیە؟ **(کاتژمێرە)**
٣٩- بە سێ پاشا دوازدە پاسەوانیان هەیە؟ **(کاتژمێرە)**
٤٠- دوازدە مەڕ و سێ شوان؟ **(سێ پایەی مەشکەیە)**
٤١- بەسێ برا دۆخینێکیان هەیە؟ **(فەرش و نانکردن و تیرۆگە)**
٤٢- بەسێ برا مێزەرێک، بەدوو خوشک گێزەرێک؟ **(پانکەیە)**
٤٣- بەسێ برا، یەک قاچیان هەیە؟ **(ژیان)**
٤٤- سێ سفر لەسەر رایە، جیرانی ئەلف و بایە، بەبێ نون، مانای نایە؟ **(رەشماڵ)**
٤٥- سێ نوختە و شەش پیتە، بێ دیوار و ساپیتە، خانوەکی جوان و قیتە؟ **(تەڵەی مشک)**
٤٦- سێ ژووری ئیعدامە، ئەو نانەی دەخوا حەرامە؟ **(فەرش)**
٤٧- سپی و سێ پا چییە؟ **(سێری نانکردن)**
٤٨- سێ چیا ئەو بەر ئەوبەرە، دێوی رەشی لەسەرە؟ **(وەرزی زستان)**
٤٩- ئەو مەتەڵە بزانیت، کە پێکهاتووە لە سێ پیت، ئاژەڵە مووەکەی رەشە، عاشقی پاڵ و تاشە، گدەمەیکە لاساریی، بەسەواز بینە هاری؟ **(بزن)**
٥٠- هەبوو نەبوو، سێ مانگ هەبوو، گیاندار لە ناوکونا بوو، چیە ئەو نەوەت رۆژە، تێیدایە دەوەستێ پڕۆژە؟ **(وەرزی زستان)**

شەڵم کوێرم ناپارێزم

بەشی سێیەم

بەهرام محەمەد

لە دوو ژمارەی پێش ئەم ژمارەیە (هەرێ)م پێدابوون و سوێندم خواردبوو شتێکتان بۆ بگێڕمەوە، بەڵێنی پیاویش قەرزە لەسەری، بۆیە لەم ژمارەیە بۆتان دەگێڕمەوە، ئەوەی بۆشتان دەگێڕمەوە رووداوێکی کۆنە، من یەک بەخۆم ئەوکاتی نەخەتی سمێلم دانابوو، نە هێشتا بالق ببووم، بەڵام ئەگەر هەر نەبی بۆ پێکەنین خۆشە:

هەبوو نەبوو پیاوێک هەبوو، لە تەمەنی لاوێتیدا وەکو هەموو گەنجانی گوندی باوکی کچێکی بۆ دۆزیبووەوە و کردبوویە نسیبی، ئەو ژنە دیاربوو هەر بەڕبەی تەق تەقی دەیپیواو لە ماڵە بابان چۆن فێربوو لەلای ئەو پیاوەش لە قووچڕەوی خۆی نەدەسەنگرایەوەو رۆژانە چەندین جار لەو ماڵ بۆ ئەو ماڵ جرت و فرتی بوو، کچەتیم سێبووری بەو پیاوە نەدەهات و هەر دانەدۆزەو مرومۆی ئەم لاو ئەولای بوو، بەکورت و کرمانجی ژنە حەزی لەژەم گۆڕی بوو، دیاربوو شلە ساوار بەری دڵی نەدەگرت، ئەگەر کابرا بەخورتی نەیهێنابووایە بن باری، ئەو بەهیچ شێوەیەک بۆی نەدەهاتە رایێ و پیاوەی لەژوانی ژوشکان دەهێشتەوە. پیاوەی قورپەسەر ئەگەر دەهری ببووایەو نووکە گۆپاڵێکی بخێواندبووایە قەبرغەو تەنکێشی، ئەوە ژنە دادەڕسایەوە پیاوەو تێکدەگیران و دەبووە هەراوهوریا و سەگەلوور، تاوایلێهاتبوو ژنە رۆژنەبوو هەیپای لێ نەکاو بوخچەی خۆی تێک نەنێ و باوەخوند نەبێتەوە، تا کار لە کارترازاو شەوێک لە تاریک و رووتی بەیانیدا تێی تەقاندو خۆی گەیاندەوە ماڵێ بابان و بڕیاری نەگەڕانەوەی یەکجارەکی دا. بەم جۆرە پیاوە بەبێ ژن و ماڵ و منداڵ و بێ جێ و ڕێ مایەوە و کەوتە بەر رەحمەتی خزم و برادەران، چونکە لەو ماوەیەدا دایک و باوکیشی نەمابوون، بۆیە دەچووە بەر مەڕوبزنان و خۆی پێ بەخێودەکرد. ئەگەر چی ئەو پیاوە کەمێک تام گێل بوو، بەڵام لە هەمان کاتدا دەست وەکەربوو، دەم و دەست و بێ بیرکردنەوە بەردی لەجێی بەردی دەدا، هەر قسەیەکت پێ بگوتبایە ئەو دەلعاز وەڵامی خۆی بۆ ئەو قسەیەی تۆ هەبوو.

رۆژێک مەڕەکانی بۆ لەوەڕاندن رادەداتە دەرەوەی گوندی، لە دەوروبەری گوندیش قەرسیلی تەڕو ناسک هەیە هەندێک لە مەڕەکان ناوەن دەبەزێن و دەچنە ناو قەرسیلی کابرایەکی گوندی کە سەیدێکی ئەولادی پێغەمبەر دەبێت، کابرای سەید کاتێ سەیر دەکات وا شوانێک چەند مەڕێکی بەرداوەتە ناو قەرسیلەکەی، شێت و هار دەبێت و هەیپای لێ دەکات و بەهەلە داوان خۆی دەگەیێنێتە شوانەو دەیداتە بەر جوێنان، شوانەش هەر دەنگان ناکا هەتا کابرای سەید زۆر لێی نزیک دەبێتەوە، ئینجا سەری هەڵدەبڕی و دەڵێ: کاک سەید بەسە چیتر جوێنم پێ مەدە، خۆ ئەگەر تۆ سەیدی و ئەولادی پێغەمبەری ئەوا منیش عەبدی خوام و خواش بێگومان لە پێغەمبەری گەورەترە، چیدیکە جوێنم پێ بدەی منیش پێت دەدەمەوە، بەمجۆرە کابرای سەید دەکەوێتە پێکەنین و دەڵێ بەخوای باوکم راستە.

أسماء الألوان / تصميم كوردەواري٦٢٤ / الصفحة: ٧٣ / ١٢/١/٠٩ / 1:04 AM

هەواڵنامەی کوردەواری

ئێوارە کۆڕێک بۆ یادی: حاجی عەبدوڵڵای دەفژەن

لە ژێر چاودێری بەڕێز: پارێزگاری هەولێر،بەهاوکاری بەڕێوەبەرایەتی گشتی رۆشنبیری و هونەر، سەنتەری رۆشنبیری و کەلتوری رۆژهەڵات لە شاری هەولێر، لە کاتژمێر(٣)ی دوای نیوەڕۆی رۆژی پێنج شەمە ریکەوتی(٢٥-١٢-٢٠٠٨). لە هۆڵی میدیا بۆ نووسەری شاری هەولێر، بەڕێز(جەلال خدر) لە ژێر ناونیشانی:

(پەیڤێک بۆ یادی خوا لێخۆشبووحاجی عەبدوڵڵای دەفژەن) ئێوارە کۆڕێکی ریکخست. کۆڕەکە لەلایەن نووسەری گەورەی کورد بەڕێز:مەحمود زامدار، بەڕێوەچوو، بە ئامادەبوونی بەڕێز: پارێزگاری هەولێر و سەرۆکی ئەنجومەنی شاری هەولێر و ئامادەبوونی جەماوەرێکی زۆر لە ئەدیب و رۆشنبیران و چەندین کەسایەتی شاری هەولێرو لە هەردوو رەگەزو بنەماڵە و خانەوادەی رەحمەتی حاجی عەبدوڵڵای دەفژەن، هەروەها بە ئامادەبوونی چەندین کەناڵی تەلەفزیۆن و بەشداری تیپی دەفژەن و مەولود خوێنی شاری هەولێر، کۆڕەکە سەرەتا بە چەند ئایەتێک لە قورئانی پیرۆز دەستی پێکرد، پاشان کۆڕگێڕ وەک پێشەکی بەکورتە باسێکی بەپێز، سەرنجی ئامادەبووانی بۆ گرنگی کۆڕەکە راکێشا، دواتر دەفژەن و خوێنەرانی مەولود لە شاری هەولێر. بە ئاواز و سەدای دەنگی دەفەکانیان جەماوەریان خستە جۆش و خرۆش لە هۆڵی میدیا، پاشان خاتوو (رۆناک مەحمود) لەسەنتەری رۆشنبیری و کەلتوری رۆژهەڵات وتاری سەنتەری خوێندەوە.. دواتر کاک جەلال خدر، سەرەڕای خوێندنەوەی ژیاننامەی/حاجی عەبدوڵڵای دەفژەن/ئەوەی خستەڕوو کە رەحمەتی وێرای خوێندنەوەی مەولودو دەست رەنگینی لە دەفژەنین، ئەم زاتە مەقام زانێکی بلیمەت و لێهاتوو بووە لەمەقامات بەزمانی/کوردی/تورکی/فارسی/عەرەبی. هەروەها شیعرەکانی (سافی هیرانی) تێکەڵ بە خوێندنەوەی مەولود کردووە، بەم بۆنەوە ناوەناوە بەدەنگە زوڵاڵەکەی خوا لێخۆشبوو لەسەر (کاسێت)، خۆشی دەبەخشیە دڵ و دەروونی ئامادەبووان، پاشان بەڕێز: مامۆستا مەلا بەشیر حەداد، بەوتارێکی بەپێز کۆڕەکەی دەوڵەمەند کرد، هەروەها کەسایەتی بنەماڵەی بەناوبانگی شاری هەولێر، بەڕێز(مامۆستا عوسمان رەشاد موفتی) بەوتارێک گرنگی بەکۆڕەکەدا، دواتر مامۆستا مەلا جەرجیس، بە چەند پەیڤێک بەشداری لە کۆڕەکە کرد،هەروەها کەسایەتی ناودار و مەقام زانی شاری هەولێر، بەڕێز(خاڵە جەلال چەخماخچی). بەچەند کۆپلەیەک مەقام کۆڕەکەی خرۆشاند کەبووە مایەی دڵخۆشی جەماوەر، وتاری بنەماڵە لەلایەن بەڕێز: کاک محەمەد کوڕی حاجی عەبدوڵڵای دەفژەن پێشکەشکرا، تیایدا سوپاسگوزاری بنەماڵەی ئاراستەی نووسەر و سەنتەری رۆشنبیری و کەلتوری رۆژهەڵات و ئامادەبووان کرد، هەروەها: خاتوو/مەلا ناهیدە/کیژی حاجی عەبدوڵڵای دەفژەن بەچەند پەیڤێک سوپاسگوزاری و خۆشحاڵی خۆی دەربڕی. کۆڕەکە نزیکەی دوو کاتژمێری خایاند، بە دەفژەنینی تیپی دەفژەنی شاری هەولێر کۆتایی هات، بەڕاستی ئێوارە کۆڕێکی کوردەواریانە بوو.

ئا: محەمەد کەریم نانەوا

عەلۆ پالانی

ئا: شوان غەمبار

عەلۆ پالانی لاوکبێژ، خاوەن دەنگ وسەدایەکی بەسۆز بوو، دەریایەکی بێ بنی فۆلکلۆر بوو، هەموو داستان و سەر بردە و هەقایەت و بەیت و بالۆرەیەکی دەزانی، لە دیوەخانی تاهیر ئاغا تێی هەڵدەکرد خەڵکی دەخستە دنیای سەرسامی، زۆر سوحبەت چی و قسەخۆش بوو، ئەوەی لەگەڵی ژیابا قەت لێی عادز نەدەبوو، سەرجەمی دەنگ و ئەرشیفەکەی لەلای کوڕەکەی تاهیر ئاغا و مامۆستا (مشیر)پارێزراوە.

جێگای سوپاس و دەست خۆشیە.

أسماء الألوان / تصميم كوردةواري٦٢٤ / الصفحة: ٧٤ / ١٢/١/٠٩ / 1:04 AM

ناوی گردەکانی دەشتی هەولێر

هۆشیار عەبدوڵڵا

دەشتی هەولێر دەشتێکی گەورەو پان و فرەوان و کاکی بەکاکییە، لە چەند بەشێک پێکهاتووە، هەربەشەو ناوێکی تایبەتی خۆی هەیە وەکو ١- دەشتی ملکیە (مرکیبە) ٢- دەشتی شەمامک ٣- دەشتی پشترێ ٤- دەشتی کەندێناوە. ٥- دەشتی قەراج ٦- دەشتی بەڕانەتی ٧- دەشتی زرارەتی. لەو دەشتانەدا ژمارەیەکی زۆر گردی تورەگەڕێژی دەستکرد هەیە، کە کاتی خۆی لە زەمانێکی زووەوە بۆ کاری سەبازی و بۆ خۆپاراستن لە دوژمن دروستکراوەو مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغە جیاجیاکانی مێژوو، هەر لەتەنیشت ئەو گوندانەش وابووە گوند ئاوەدانکراونەتەوە، گردەکانیش بەزۆری بە ناوی گوندەکان کراون یان ئەوەتە هەریەکەو ناوێکی تایبەتی خۆی هەیە، ناوی گوندو گردەکانیش ئەمانەن کە وشەی گردیان تێدایە، لە دەشتی ملکیەی ناحیەی قوشتەپەدا ئەو گردانە هەنە:

١- دووگردکان.
٢- گرد مەلا.
٣- گردە سۆر.
٤- گردی قەرەبەگی.
٥- گردی قشاغلووی.
٦- گردی باقرتەی.
٧- گردی سۆربەش.
٨- گردی دۆرەزەی.
٩- گردی قازیخانەی.
١٠- گردی قالۆرەی.
١١- گرد لانکە سەعید.
١٢- گرد لانکە مەجید.
١٣- گردە شینە.
١٤- گردی غەربیلان.
١٥- گردی قەرە چناغەی.
١٦- گردی پیر داودی.
١٧- گرد مامرەت.
١٨- گردی خەلیفەی.
١٩- گردی ساراوەی.
٢٠- گردی حەسەن ئاگاداری.
٢١- گردە رەشەی گەورە (ئەسعەد)
٢٢- گردە رەشەی گچکە (موفتی).
٢٣- گردی نیسکان.
٢٤- گردی شێراوەی.
٢٥- گردی قوچە برباسی.
٢٦- گردی سوریژەی.
٢٧- چارە گرد دەرە.
٢٨- گردی قەتەوی.
٢٩- گرد ئارا.
٣٠- گردی عەلی مەولان.
٣١- گردی باشتەپەی.
٣٢- گردی قوشتەپەی.
٣٣- گردی دوزتەپەی.
٣٤- گردی قولتەپەی. (یەعقوب تەپە).
٣٥- گردی کلک مشکی.
٣٦- گرد لەشکر.
٣٧- گردی قالینج ئاغای.
٣٨- گردی ئەحمەد باڵەکی.
٣٩- قەلاتگە.

لە (دەشتی بەڕانەتی) ئەو گوندانەش گردیان لێیە:

٤٠ -گرد جۆتیار.
٤١- گرد عارەق (ئارەق).
٤٢- گردە چاڵ.
٤٣- گردە شێر.
٤٤- گردەڕەشەزاب.
٤٥- گرد مامک.
٤٦- گردی ماوان.
٤٧- گردی قەلا چۆغان.
٤٨- گردی تەلوسەکی.
٤٩- گردە زەرد.
٥٠- گردە پان.
٥٢- گردی شێخ گەزنەی

لەگوندی (گەزنە)ی.

لە (دەشتی شەمامک)یش ئەو گردانە هەنە:

٥٢- گردی عەوێنەی.
٥٣- گردی بلووروان.
٥٤- گردی شەهیدان.
٥٥- گردی خەزنەی.
٥٦- گردی سەعداوەی.
٥٧- گردی عەبدولعەزیزی.
٥٨- گرد عازەبان

أسماء الألوان / تصميم كوردةواري٦٢٤ / الصفحة: ٧٥ / ١٢/١/٠٩ / 1:04 AM